www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا16:56 28-6-2006

## پاڵاوگەیەکی ناتەواو... ئەندازیار: محەمەد بەرزی



هەموو پڕۆژەیەکی گرنگ، بەدەر لە گەورە و بچووکی، کە لەلایەن دەوڵەتەوە دادەمەزرێت، ڕاستەوخۆ حکومەتی دڵسۆزی خاکوخەڵکی، لە جی بە جی کردنیدا نوێنەری میللەتە و پارێزەری ڕاستەقینەی بەرژەوەنییەکانییەتی، بەتایبەتی پرۆژەکانی نەوت و غازی سروشتی، چونکە بوژاندنەوەی ئابوری وڵاتەکەمان بە پلەی یەکەم بەندە بە ئاستی بەکارهێنانی ژیرانەیانەوە، دەستکردنیش بە دروستکردنی یەکەی دەرهێنان و پاڵاوتنی نەوت و غازی سروشتی، هەنگاوێکی گەلێک بەرز و پیرۆزە و کارێکی وادەکەن لە دواڕۆژدا دەروازەی پیشەسازییە کیمیاییەکانی نەوت و غاز بە رووماندا بکرێنەوە. بەمەش ئابوری وڵاتەکەمان گۆڕانکاری و گەشەکردنی ئێجگار گەورە گەورەی وا بە خۆیەوە دەبینێت، بە رادەیەک نیشتمانمان لەسایەیدا ئاوەدان و نەوەکانی ئەمڕۆ و داهاتووشمان ئاسودە بن... جا بۆئەوەی پڕۆژەیەک، پڕۆژەیەکی بی کەموکورتی نایاب و ناوازەی لیی بکەوێتەوە و برەو و رەواج بە ئابوری نەتەوەییمان بدات، ئەوا پێویستە بەر لە بڕیاری دامەزراندنی بە دوو لایەندا تێپەڕێت، کە هەردووکیان تەواوکەری یەکترین. لایەنی یەکەمیان سەرکردایەتی سیاسی دەوڵەتە، کە لەبەر رۆشنایی نەخشەوپلانی ڕاستودروستدا، ئامانجی گشتی پرۆژەکە لەبەرچاودەگرێت، وەک: بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانی رۆڵەکانی گەل، رەخساندن و پەیداکردنی هەلی کار بۆ هاوڵاتیان، بوژاندنەوەی ئابوری، تەرخانکردنی بودجەی پێویست، دابینکردنی ماددەی خاو، دیاریکردنی قەوارە و شوێنی دامەزراندنی و.... هتد. پاشان لایەنی دووەم دێت، کە ڕۆڵی لە ڕۆڵی لایەنی یەکەم گرنگترە و بریتییە لە کەسانی پسپۆر و شارەزای ئەو بوارە، بۆ هەڵسەنگاندنی پرۆژەکە و دیاریکردنی گشت هێڵە سەرەکییەکانی و هەموو وردە کارییە هونەرییەکانی بە پێی پێوەری زانستی. بێگومان پڕۆژەیەک، چاوی کراوە و تیژی یەکێک لەو لایەنانەی بەرنەکەوێت، ئەوا مەحاڵە پرۆژەیەکی تەندروستی تەواوی تەمەن درێژی لیی بکەوێتەوە... ئەوەی شایانی باسە رۆژی (29/12/ 2005) ، بە پەلە بەردی بناغەی پرۆژەی پاڵاوگەی نەوتی سلێمانی نزیک گوندی (سەروچاوە) ی ناوچەی بازیان، کە نزیکەی 26 کیلۆمەتر لە سلێمانییەوە دوورە، لە لایەن سەرۆکی حکومەتی سلێمانییەوە دانرا. وا بڕیارە ئەم پرۆژەیە ڕۆژانە بیست هەزار بەرمیل نەوتی خاو بپاڵێوێت و نەوتی خاوی کەرکوکی تێدا بەکاربێت، کە رێژەی 46% نەوتێکی رەشی قورسە. بودجەی ئەم پرۆژەیە نزیکەی (30) ملیۆن دۆلارە و لە لایەن وەزارەتی نەوتی عیراقەوە دابینکراوە. تەواوکردن و جی بە جی کردنی بەبی ئەوەی هاڤرکی (مناقیە) بۆ بکرێت، ڕاستەوخۆ دراوە بە وەزارەتی پیشەسازی عیراق، پێویستیشە لە ماوەی ساڵێکدا، واتە لە رۆژی (2/1/ 2007) دا تەواو ببێت، کە بە دڵنیاییەوە تەواو نابێت. ئەوەی جێگای سەرنج و سەرسوڕمانە، کاتێک بەردی بناغەی ئەو پرۆژەیە دانرا، هیچ ئەندازیارێکی شارەزا و پسپۆری سەر بە دەزگای گشتی بەڕێوەبردنی پرۆژە تایبەتییەکانی سلێمانی، کە هەموو بوارەکانی نەوت و غازی سروشتی ناوچەکەی لە ئەستۆدایە و پڕە لە کەسانی شارەزای بە ئەزمونی بواری نەوت، نەخشە و وردەکارییەکانی ئەو پرۆژەیەیان نەدیوە و هیچ زانیارییەکیان نەخراوەتە بەردەست، تا بتوانن بە کامی دڵ و بەوردی لێکۆڵینەوەی چڕوپڕی لەسەربکەن، پاشان کەموکورتی و پێشنیارەکانیان دەربارەی ئەو پرۆژەیە بەرزبکەنەوە بۆ سەروو خۆیان، بەمەش کۆمەڵێک کەلێنی گەورە کەوتۆتە ئەو پرۆژەیەوە، کەوا لە رووی دڵسۆزییەوە لێرەدا ئاماژە بۆ گرنگترینیان دەکەین:

1- بەگشتی بەنزینی چاک، ئەو بەنزینەیە ژمارەی ئۆکتێن (Octane-Number) ی بەرزبێت، بە ئاسانی بزوێنەری ساردی پی بکەوێتەکار، بە خێرایش پلەی گەرمایی بگەیەنێتە ئاستی ئاسایی خۆی و... هتد. بەڵام ئەو بەنزینەی راستەوخۆ لە پاڵاوگەی سلێمانییەوە دەردەچێت، ژمارەی ئۆکتێنی نزیکەی پەنجایە، کە بڕێکی ئێجگار نزمە و بەشێوەیەکی ئاسان لە بزوێنەری بەنزیندا ناسووتێت و بە کەڵکی بەکارهێنان نایەت، چونکە چەقە چەقێکی زۆر بە بزوێنەری ئوتومبێل دەکات و هێز و توانای کەم دەکاتەوە و زیانی گەورەش لە ئوتومبێلی تازەی مۆدێل بەرز دەدات. هۆکاری ئەم خەوشەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی یەکەی چاککردن (Reforming) ی بەنزین لەو پاڵاوگەیەدا. بێگومان پێویست بوو ئەو یەکە گرنگە بەشێکی تەواوکەری پاڵاوگەکە بووایە، تا بەهۆیەوە ژمارەی ئۆکتێنی بەنزینەکەی، بەلایەنی کەمەوە بەرزبکرایەتەوە بۆ سنوری (92) . جا ناکرێت پرۆژەیەکی بچکۆلە، نزیکەی (30) ملیون دۆلار

بوودجەكەی بێت و ئەو یەكەیەشی لەگەڵدا نەبێت، نەخوازەلا لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، كە تەكنەلۆجیای پیشەسازی نەوت گەیشتۆتە تروپكی پێشكەوتنی، كاریگەری وبەهانەی هیچ ئابلۆقەیەكیشمان لەسەر نەماوە، تا پەنا بۆ پرۆژەی ناتەواو بەرین و تازە بە تازە بگەڕێینەوە بۆ دواوە و لە جیاتی یەكەی چاككردنی بەنزین، شێوازی كۆنی بەسەرچوو بەكاربهێنین بۆ بەرزكردنەوەی ژمارەی ئۆكتێنی، بە تێكەڵكردنی ماددەی چوارهەم ئەسیلاتی قوڕقوشم (TEL) لەگەڵ بەنزینەكەدا. خۆ گەورەترین ڕێژەی ئەو ماددەیەش ناتوانێت ژمارەی ئۆكتێنی لە (80) زیاتر بەرزبكاتەوە. كە هێشتا هەر ژمارەیەكی نزمە و ناكەوێتە سنوری بەنزینی چاكەوە. لە لایەكی ترەوە و بەپێی بۆچوونەكانی ڕێكخراوی ژینگە پارێزی جیهانی، ماددەی (TEL) ماددەیەكی پیسی زیانبەخشە و بەكارهێنانی لەگەڵ بەنزیندا كارێكی نادروستە، چونكە كاریگەریی ئێجگار خراپی لەسەر ژیانی مرۆڤ هەیە و هۆكارێكی ترسناكیشە بۆ تێكدانی ژینگە. جا بۆ خۆپاراستن لەو مەترسییانە، ئەوا دەكرا ئەو پرۆژەیە، وەك پرۆژەیەكی تەواو لە ڕێگای هاڤركی (مناقیە) وە بانگاشەی بۆ بكرایە، ئەو كاتە لەوانە بوو كۆمپانیای شارەزا و لایەنی بە توانای وا بێنە پێشەوە، زۆر لە وەزارەتی پیشەسازی عیراق باشتر وخێراتر و شارەزاتر ئەو پرۆژەیەیان بەدڵی خۆمان بۆ تەواو بكردینایە بە یەكەی چاككردنی بەنزینیشەوە، بۆیە دەبوایە چ ئەو لایەنەی گرێبەستی ئەم پرۆژەیەی مۆركردووە، چ دەزگای گشتی بەڕێوەبردنی پرۆژە تایبەتییەكان، بایەخی ژمارەی ئۆكتێنیان لەبەرچاو بگرتایە، بەر لە مۆركردن و دانانی بەردی بناغەكەشی، سووربونایە لەسەر بوونی ئەو یەكە تەواوكەرە زۆر گرنگە.

2- ئەو ڕۆژەی بەردی بناغەی ئەو پاڵاوگەیە دانراوە، لێكۆڵینەوە لەسەر چاوگی ئاوەكەی نەكراوە و نەزانراوە لە چ سەرچاوەیەكەوە ئاوی پێویستی بۆ دابین دەكرێت. ئەوەی شایانی باسە پاڵاوگەی ناوبراو هەموو كاژمێرێك پێویستی بە نزیكەی (80) مەترەسی جا ئاوە. تەنها سەرچاوەی ئاوی نزیكیش دوكانە، كە 25 كیلۆمەترێك لە پرۆژەكەوە دوورە، بێگومان ڕاكێشانی ئاویش لە دوكانەوە، پارە و كاتی خۆی دەوێت. خۆ ئەگەر پشت بە ئاوی ژێرزەوی دەوروبەری پاڵاوگەكەش ببەسترێت، ئەوا ئەو بڕە، بڕێكی زۆرە بەیەك بیر و دوو بیر دابین نابێت. جا ئەگەر ئەوەشمان زانی دووری لە باری نێوان دووبیر (300) مەترە، ئەوا ئەم كارەش پێویستی بە بۆریكاری و كات و پارەیە، ئەمە جگەلەوەی لێدانی بیری زۆر لەوانەیە ببێتە هۆیەك بۆ وشك بوونی ئەو ناوچەیە، نەمانی ئاویش هەرەشەیەكی گەورەیە بۆ لەكاركەوتنی پاڵاوگەگە، بۆیە دەبوایە بەر لە مۆركردنی گرێی بەست و دانانی بەردی بناغەكەی، لێكۆڵینەوەی تەواو بۆ ئاوەكەی بكرایە و ئەو كیشە سەرەكییەی چارەسەربكرایە، پارەكەشی بخرایەتەسەر بودجەی پرۆژەكە. ئاخر چۆن دەبێت دوای دانانی بەردی بناغەی پرۆژەیەكی وا گرنگ، ئنجا هەڵتەك هەڵتەك بە دوای سەرچاوەی ئاودا بگەڕێین.

3- ئەوەی لە نزیكەوە شارەزای كاری ناو پاڵاوگە بێت، لەوە بە ئاگایە كارپێكردنی یەكەی پچكۆلە لەچاو یەكەی گەورەدا خەرجی زیاتری دەوێت، درەنگتریش مایەی خۆی دەردەهێنێتەوە. جا نازانیین بۆ ئەو پاڵاوگەیە توانای بیست هەزار بەرمیلە و زیاتر نییە... لە لایەكی ترەوە ئەو پاڵاوگەیە نەوتی خاوی كەركوكی تێدا بەكاردێت، كە تەنها (17، 6 %) ی بەنزین - نەفتا - و (18، 5 %) ی كیرۆسینە، خۆ ئەگەر بە بەرزترین توانای خۆیەوە كاربكات، ئەوا لە كۆی بیست هەزار بەرمیل نەوتی خاو، ڕۆژانە (563200) لیتر بەنزین و (592000) لیتر نەوتی سپی لیإ دێتەبەرهەم، ئەمانەش بڕێكی كەمن، چونكە هەر تەنها سلێمانی، ڕۆژانە پێویستی بە یەك ملیۆن لیتر بەنزین و یەك ملیۆن و دووسەد هەزار لیتر نەوتە.

4- ئەو پاڵاوگەیە نەوتی خاوی كەركوك دەپاڵێوێت، كە ڕێژەی 46% ی نەوتێكی ڕەشی قورسە. واتە ڕۆژانە لە هەموو بیست هەزار بەرمیلێك نەوتی خاو، (9200) بەرمیل نەوتی ڕەشی لیی دەكەوێتەوە، كە بڕێكی زۆرە، ئەگەر بەكارنەهێنرێت، ئەوا لە چوارپێنج ڕۆژدا تانكییەكانی نەوتی ڕەشی پڕ دەبن و دەبنە هۆی ڕاوەستاندنی پاڵاوگەكە. بۆیە ئەگەر پلانێكی ڕاستودروستمان هەبوایە، بە وردی بیر لە بەكارهێنانی ئەو نەوتە ڕەشە دەكرایەوە، ئەوا دەكرا یەكەیەكی سەربار (اچافی) دابنرایە بۆ سەرلەنوێ پاڵاوتنی ئەو نەوتە ڕەشە قورسە و جیاكردنەوەی بەرهەمە سووكەكانی ناوی، یان لە پاڵ ئەو پاڵاوگەیەدا وێستگەیەكی كارۆگەرمایمان دادەمەزراند، تا بەو نەوتە ڕەشە كاری بكردایە، چونكە بڕی ئەو نەوتە ڕەشە توانای بەرهەم هێنانی نزیكەی (300) مێگاوات كارەبای هەیە. ئەوكاتە دەكرا ئەو كارەبا زۆرە، جگە لەوەی كارەبای بۆ پاڵاوگەكە دابین دەكرد، لە هەمان كاتیشدا پاڵاوگەكەی لە مەترسی ڕاوەستان و سلێمانیشی تا ڕادەیەكی زۆر لە كێشەی كارەبا ڕزگار دەكرد.

5- نەوتی خاوی كەركوك بڕێكی دیاریكراو گۆگردی تێدایە، كە كێشی لە نێــوان
(1، 8-2، 5) % یە. هەڵبەت ئەو بەرهەمانەی لەو نەوتە خاوەش دەهێنرێنە بەرهەم بە هەمان شێوە ڕێژەیەك گۆگردیان لەگەڵدایە، بڕوانە خشتەی- 1-. بۆیە پێویستە ئەو ئامێر و ئامراز و بۆری و پلێتانەی لەو پاڵاوگەیەدا بەكاردێن، جۆرێكی تایبەتی وابن بەرگەی ژەنگ و داخۆران بگرن. هەر لەبەر ئەم هۆیەش دەبوایە بەر لەدانانی بەردی بناغە و مۆركردنی گرێی بەستی ئەو پرۆژەیە،

شارەزاکانی خۆمان بە پێی خۆماڵییە جیهانییەکانی وەک: (ANSI، API، ASMEو... هتد) گشت پارچەو پاشکۆ گرنگەکانیان دیاری بکردایە، تا لەبارترین بۆ ئەو جۆرە نەوتە خاوە. پاشان هەر خۆمان ئەو کۆمپانیانەمان دیاری بکردایە، کە پسپۆرن لە دروستکردنی پاڵاوگەدا، بە شێوەیەک هەموو ئامێر و ئامراز و پارچەیەکی پەیوەست بونایە بە بڕوانامەی کۆمپانیاکانەوە، ئەمە سەرباری راپۆرتی پشکنینیشیان، تا لە دوارۆژدا ئەو پاڵاوگەیە بەهۆی پارچەی بی کەڵکەوە دووچاری زیان و گرفتی دژوار نەبێت. ئاخر ناکرێت وەزارەتی پیشەسازی خۆی ئەو کارە ئەنجام بدات، چونکە هەموو بەڵێندەرێک بەرژەوەندی تایبەتی خۆی دەخاتە سەروو بەرژەوەندی بەرامبەرەکەیەوە، ئاشکراشە دوای مۆرکردنی گرێی بەستیش، بەزەحمەت گوێی لە داخوازییەکانمان دەگیرێت، ناشتوانیین بە دڵی خۆمان و بەئاسانی گۆڕانکاریی لە بەندەکانیدا بکەین.

| نەوتی خاوی کەرکوک | | | |
|---|---|---|---|
| | قەوارە لە % | A. P. I | کێشی گۆگرد لە % |
| نەفتا (بەنزین) | 6 .17 | 4 .68 | 06 .0 |
| کیرۆسین | 5 .18 | 5 .48 | 19 .0 |
| گازئۆیل | 5 .13 | 38 | 1 |
| نەوتی ڕەش | 46 | 3 .18 | 4 .3 |

خشتەی – 1-

6- ئەو ئاوەی لەو پاڵاوگەیەدا بەکاردێت بەهۆی سووتەمەنی و پاشەڕۆکانی پاڵاوگەکەوە پیس دەبێت، ئەگەر پاک نەکرێتەوە، ئەوا ژینگە پیس دەکات. بۆیە لە هەموو پاڵاوگەیەکدا یەکەی تایبەتی پاکژکردنەوەی ئاوی لەگەڵدایە، کەچی لەو پرۆژەیەدا ئەو یەکەیە فەرامۆشکراوە، لەمەش سەیرتر دوای دانانی بەردی بناغەی پرۆژەکە و پاش گفتوگۆکردن لەگەڵ وەزارەتی پیشەسازییدا بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، وەزارەتی ناوبراو لە جیاتی ئەو یەکەیە، هاتووە چاڵێکی داناوە بۆ کۆکردنەوەی ئاوە پیسەکە، پاشان گڕدانی چاڵەکە و سووتاندنی سووتەمەنی و پیسییەکانی ناوی، ئەمەش نەک هەر یەکەی پاککردنەوەی ئاو ناگرێتەوە، بەڵکو سەرچاوەیەکی زۆر خراپی پیسکردنی ژینگەیە، لە لایەکە تریشەوە هەتا ئێستا هیچ لایەنێک توێژینەوەی لەسەر کاریگەری ئەو پاڵاوگەیە لەسەر ژینگە نەکردووە.

7- هەتا ئێستاش هێڵی هێنانی نەوتی خاو لە کەرکوکەوە بۆ پاڵاوگەکە، بودجەی بۆ تەرخان نەکراوە و بڕیاری کۆتایشی لەسەر نەدراوە و ڕێبازەکەشی دیاری نەکراوە. خۆ بە پێی ئەو گرێی بەستەی لەگەڵ وەزارەتی پیشەسازیدا مۆرکراوە، دەبێت پاش نزیکەی شەش مانگی تر ئەو پاڵاوگەیە کاربکات، کەچی هێشتا کێشەی ڕاکێشانی ئەم هێڵە چارەسەر نەکراوە. بێگومان دەبوایە چ ڕاکێشانی ئەم هێڵە، چ پرۆژەی دابینکردنی ئاوەکەی بەشێکی سەرەکی پرۆژەکە بوونایە.

8- ئەو پاڵاوگەیە، ژوورێکی زۆر پچکولەی تاقیگە و وەرشەیەکی چاکسازی بۆ دەکرێت، بەڵام ئەوەی سەیرە، نە تاقیگەکەی، نە وەرشەکەی هیچ ئامێر و ئامرازێکیان لەگەڵدا نییە و تەنها دوو ژووری بەتاڵن. ئەری دەکرێت پاڵاوگەیەک نزیکەی 30 ملیون دۆلاری بۆ تەرخان کرابێت، کەچی تاقیگەکەی تەنها یەک ئامرازی پێوانی چڕیی تێدا نەبێت؟ لە هەموو ئەمانش سەیرتر ئەو پرۆژەیە 26 کیلۆمەترێک لە سلێمانییەوە دوورە، کەچی نە چێشتخانەی کارمەندانی لەگەڵدایە، نە بینایەکی ڕێکوپێکی کارگێریی.

دوای دەرخستنی خەوش و کەموکورتییە زەقەکانی ئەو پاڵاوگەیە، بە ئاشکرا ڕۆڵی گرنگو پر بایەخی لایەنی دووەمان بۆ دەردەکەوێت، کە لایەنی کەسانی پسپۆر و شارەزای بواری نەوتە. دیارە دەبوایە بەر لە دانانی بەردی بناغەی ئەو پرۆژەیە، شارەزاکانی خۆمان هەموو لاپەرەیەکی ئەو پرۆژەیەیان بە وردی سەیربکردایە و لەبەر ڕۆشنایی بەرژەوەندی بەرزی خۆماندا کەموکورتی و پێشنیارەکانیان دیاریی بکردایە... بێگومان نەبوونی پەیوەندی لە نێوان لایەنی یەکەم، کە سەرکردایەتی سیاسییە، و لایەنی دووەم، کە کەسانی شارەزان، چەندین هۆکاری تایبەتی خۆی هەیە، کە سەرەکیترینیان ئەوەیە هەتا ئێستاش سەرکردایەتی سیاسی لە زۆر بواری گرنگدا (خەڵکی شیاو لە شوێنی شیاو) ی خۆیدا دانانێت. کەسانی نەشارەزاش نایانەوێت پەیوەندی ڕاستودروست و توندوتۆڵ لە نێوان ئەو دوو لایەنەدا دروست ببێت، تا لە لایەک بی توانایی خۆیان داپۆشن، لە لایەکی تریشەوە ڕێگا لە دەرکەوتنی کەسانی لێهاتووی شارەزاش بگرن.

ئەوەی شایانی باسە پیادە نەکردنی (خەڵکی شیاو لە شوێنی شیاو) دا، ئەمڕۆ بۆتە هۆکاری هەرە گەورە و سەرەکی تەشەنەکردنی گەندەڵیی و بێزاری و گازندەی خەڵکی و دواکەوتنی ڕەوتی بوژاندنەوەی وڵاتەکەمان، چونکە کەسی نەشارەزا سەری لە کاری ئەو پۆستە دەرناچێت کە بۆی دیاریی دەکرێت. لەبەرئەوەی ئەمڕۆ ئەو پۆستانەش مووچەی قەبە و دەرماڵەی زۆروزەوەند و داهات و دەستکەوتی بە

دواوەیە، ئەوا ئەو ناپسپۆرانە بەرژەوەندی خۆیان دەخەنە سەروو بەرژەوەندی بەرز و پیرۆزی وڵات و میللەتەكەیانەوە و ویژدانی مردووی خۆیان ناكەن بە سەنگی محەک و ئەو پۆستانە رەت ناكەنەوە، بەڵكو زۆر بە جوانی لە پشت ئەو مێزانەوە قنج وقیت دادەنیشن، خۆیان بە تاكە شاسواری ئەو بوارە دەزانن، هەر زوو بە زووش دەست دەكەن بە كۆبوونەوە و قسەی زلی پفهەڵدراو و ئیمزاكردنی ئەو نوسراوانەی لە دوور و نزیكەوە پەیوەندی بە پسپۆڕێتی خۆیانەوە نییە، هەندێكیشیان بۆ ریایی و خۆبردنەپێشەوە و لە خشتەبردنی كەسانی ساویلكە، وێنەی خۆیان شان بە شانی وێنەی سەركردەكان لە ژوورەكانیاندا هەڵدەواسن، ناوە ناوەش لە تەلەفزیۆن و رادیۆشەوە باسی كێشەكان دەكەن، بەبی ئەوەی بزانن خۆیان هۆكاری سەرەكی ئەو كێشانەن، بەمەش گاڵتە بە خۆیان و دەورووبەرەكەشیان دەكەن، زیانی گەورە و گرانیش لە ناو و ناوبانگی ئەو كەس و لایەنانە دەدەن، كە پشتیوانی پشتیانن. بارێكی ئاڵۆزی ناتەبای واش دروستدەكەن لە هەموو بوارەكاندا رەوتی پێشكەوتنمان سستولاواز ببێت و پاشەوپاش بەرەو دواوە بڕۆین... ئاخر هەر نەشارەزایی ئەو كەسانەیە كارێكی وایانكردووە شادەماری كەرتە گرنگەكانی كشتوكاڵ و پیشەسازیمان وشک بكات. ئەوەتی كوردستان كوردستانە ئەو دوو كەرتە ئەوەندەی ڕۆژگاری ئەمڕۆمان، دوو كەرتی دواكوتووی پەراوێزكراوی بی داهات نەبوون، جا تا سەركردایەتی سیاسی خۆی لە در و شمی (خەڵكی شیاو بۆ شوێنی شیاو) نەبان بكات، تا پەرلەمانیش، پەرلەمانێكی كارای سەربەخۆ و ئازادی وا نەبێت، هێزی ڕەوای چۆک دابدات بە هەموو كاربەدەستێكی مشەخۆری گەزندەی گومڕای هەلپەرست، دەیسا دەبێت: تەڕەپیاز و تەماتە و تور و چلورە و شێلم و شوتی و دۆی دادەمان لە دەرەوە بۆ بێت، خۆ كاتێكیش بەنزینی خۆماڵی بەكاردەهێنین و بە هەموو هێز و قووەتی خۆمانەوە گوڕ دەبەستینەوە تا بە هەورازێكی كەمێک كوڕدا سەربكەوین، ئەوا دەبێت چەقە چەقی زۆری بزوێنەری ئوتومبێلەكانمان گێژمان بكات، لەگەڵ هەموو چەقە چەقێكیشدا نەفرەت لە بەنزینی خۆماڵی خۆمان بكەین، بە دڵیش بەو دەروون نەخۆشانە بڵێین، كە نیشتمانێكی ئازیزی ئەنفالكراویان گیرۆدەی داوی دەردی گەندەڵیی كردووە: (ڕەبی مووی لیإ بی زمانی، پەنجەكانی هەڵوەری... هەركەسی گوڵشەن بە دەردی گوڵخەنی دۆزەخ بەری) .